# ئایا فەرموودەیەک هەیە لەسەر ڕێزگرتنی نان ؟

# هل يوجد حديث على إكرام الخبز ؟

< كوردي >

دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

مراجعة: بشتيوان صابر عەزیز

# ئایا فەرموودەیەک هەیە لەسەر ڕێزگرتنی نان ؟

ئـەم پرسیاره  ئـاڕاستـەی مـاڵپـەڕی ئـیسلام هاوس کراوه :

**پرسیار** : جار جار لێره و لـەوێ دەبیستین و دەبینین کاتێك پارچه نانێك فرێدراوەته سەر زەوی خێرا کەسێك هەڵیدەگرێتەوە ودەیخاته جێگایەکی تر، ئایا هیچ فەرموودەیەك هەیە لەسەر ڕێزگرتنی نان ؟ خوای گەوره پاداشتی خێرتان بداتەوه ...

**وەڵام** : سوپاس وستایش بۆ خوای گەوره ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایه .

گومانی تێدا نیه نان و هەموو جۆره خواردنێکی تری حەڵاڵ یەکێکن لەو نیعمەتانەی کە خوای گەوره بەخشیویەتی به بەندەکانی، لە بەرامبەر نیعمەتەکانی پەروەردگاریشدا پێویسته بەندەکانی خوای گەوره شوکر وسوپاسی بکەن، بۆ ئەوەی نیعمەتەکانی بەردەوام بێت لەسەریان، وەك خوای گەوره فەرموویەتی : ﴿ وَإِذۡ تَأَذَّنَ رَبُّكُمۡ لَئِن شَكَرۡتُمۡ لَأَزِيدَنَّكُمۡۖ وَلَئِن كَفَرۡتُمۡ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٞ ﴾ { إبراهيم : 7 } .

واتا : لەیادتان بێت کە: پەروەردگارتان بڕیاری داوه، سوێند بەخوا ئەگەر سوپاسگوزارو شوکرانه بژێر بن، ڕزق و ڕۆزی و نازو نیعمەتتان بەسەردا دەڕێژێنم و زیادی دەکەم، بەڵام: ئەگەر ناشوکرو سوپاس ناپەزێڕ بن، بەڕاستی ئەو کاته ئیتر تۆڵه و سزای من زۆر بە ئازار دەبێت ..

جۆرێکیش لە جۆرەکانی شوکر وسوپاسی خوای گەوره ئەوەیه بەندەکانی ڕیز و ئیحترامی ئەو نیعمەتانه بگرن کە پێی داوون، نانیش وەك قووت و ورۆزی خەڵکی کە ژیانی لەسەر بەنده، دەبێت لەجێگای تایبەتی خۆیدا هەڵبگیرێت و نەخرێته نێو سەبەتەی خۆڵ وبەرپێی و جێگای نەشیاوەوه، لەم بارەیەشەوه چەند فەرموودەیەك هاتوون، کە باس لە ڕیز و ئیحترامی نان دەکات، بەڵام سەرجەمیان فەرموودە گەلێکی لاوازن، تەنها ڕیوایەتێکیان نەبێت کە هەندێك لە زانایان بە فەرموودەیەکی صەحیحیان داناوه، وەك ئیمامی حاکم و ذەهەبی و سیوطي، وە شێخ ناصر الدین الالباني ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) بە فەرموودەیەکی حەسەنی داناوه، دەق و سەنەدی

فەرموودەکەش بەم شێوەیەیە : عن عائشة رضي الله عنها أن النبي صلى الله عليه وسلم قال : " أكرموا الخبز " { رواه الحاكم وصححه ووافقه الذهبي، ورواه البيهقي في شعب الإيمان وصححه السيوطي في الجامع الصغير وحسنه الألباني في صحيح الجامع الصغير 265/1 }

واتا : عائیشەی دایکی باوەڕداران ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : ڕێزی نان بگرن .

زانای ناوداریش ( المناوي ) دەڵێت : " أكرموا الخبز " مەبەست پێی تەواوی جۆرەکانی نان و خواردنە، چونکە ڕیز گرتنی نان واتا : بەندەکانی خوا ڕازین بەوەی کە خوای گەورە پێی بەخشیون، دانا و حەکیمەکانیش لە کۆنەوە ووتویانە " الخبز يباس و لا يداس " واتا : نان ووشك دەكرێتەوە و ناخرێتە بەر پێی خەڵکی { فيض القدير 116/2} .

شێخ عبد العزيز بن بازیش ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لە بارەی ڕێزگرتنی نانەوە ووتویەتی : " أما الخبز واللحوم وأنواع الأطعمة فلا يجوز طرحها في البيارات بل يجب دفعها إلى من يحتاج إليها أو وضعها في مكان بارز لا يمتهن ، رجاء أن يأخذها من يحتاجها إلى دوابه ، أو يأكلها بعض الدواب والطيور ، ولا يجوز وضعها في القمامة ولا في المواضع القذرة ولا في الطريق ، لما في ذلك من الامتهان لها ولما في وضعها في الطريق من الامتهان وإيذاء من يسلك الطريق " { مجموع الفتاوى 23 / 39 }

.

واتا : نان و گۆشت و تەواوی جۆرەکانی تری خواردن دروست نیە بخرێتە نێو زیراب و زبڵدانەوە، بەڵکو واجبە بدرێت بەو کەسانەی کە پێویستیانە بۆ ئاژەڵ و مەڕ وماڵاتەکانیان، یان بخرێتە جێگایەکی بەرز و دیار و بێ ڕێزی پێ نەکرێت، بە ئومێدی ئەوەی ئەو کەسەی کە پێویستی پێیەتی هەڵی بگرێتەوە و بیبات بۆ مەڕو ماڵات وئاژەڵەکانی، یان بخرێتە جێگایەکی واوە کە باڵندە و ئاژەڵەکان دەمیان پێی بگات و بیخۆن، وە دروست نیە بخرێتە نێو زبڵدان و جێگای پیس وپۆخڵ و سەرە ڕێگا و بەرپێی خەڵکی، چونکە کارێکی لەو شێوەیە بە سوکایەتی کردن و بێ ڕێزی کردن دادەنرێت بە ناز و نیعمەتەکانی خوای گەورە، وە دەبێت هۆی ئازاردانی خەڵکی ڕێبواریش ..

خوای گەورەش زاناترە ...